# پەیوەندی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە سەقامگیریی سیاسییەوە
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

د. شڤان اسماعیل حمد
پ.ی.د. عبدالله خورشید عبدالله
شمال یاسین ملاک

**پوختە:**

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی لە بابەتە گرنگەکانی بەشداری پێکردنی تاکەکانن لە دارشتنی سیاسەتە ورد و گەورەی کۆمەڵگاکان. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دیارکردنی پەیوەندی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە سەقامگیریی سیاسییەوە.

توێژەر بۆ بەهێز کردنی توێژینەوەکە پشتی بە چەند بنەمایەکی تیۆری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەستووە لەوانە: بنەمای تیۆری ئازادی جان راوڵز، بنەمای تیۆری یەکسانی مایکڵ والزێر، بنەمای تیۆری حکومەتی یاسای فۆن هایک، بنەمای تیۆری مافەکانی رۆناڵد دۆرکین، بنەمای تیۆری سیاسی دیڤید میلێر و بنەمای تیۆری تواناکانی مارتا نۆسبام.

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە، توێژەر کۆمەڵگای توێژینەوەکەی کە پێکهاتووە لە (20) گەرەکی شاری هەولێر کە بە شێوەیەکی هەرەمەکی (350) کەس لە رەگەزی نێر و مێ وەرگرتووە. بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان کە لەلایەنی مەیدانی بەدەستهاتوون پشتی بە بەرنامەی (بەستەکی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان SPSS) بەستراوە و، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە، سوودی لە میتۆدی وەسفی (هاوپەیوەندی) وەرگرتووە. توێژینەوەکە گەیشتووە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام گرنگترینیان پەیوەندی لەنێوان رەهەندەکانی گۆراوی سەربەخۆ (دادپەروەریی کۆمەڵایەتی) و رەهەندەکانی گۆراوی پاشکۆ (سەقامگیریی سیاسی) کۆک و مەعنەویی بوون چونکە ئاستی بەهای ئاماژەی ئاماری (sig) بۆ بەهای تاقیگەری پەیوەندی بە رێژەی (0,000) بووە کە کەمترە لە ئاستی بەهای مەعنەوی (0,05) و، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندی مەعنەوی ئەرێنی لەنێوان رەهەندەکانی هەر دوو گۆراوی سەربەخۆ و پاشکۆ بەبەهای (0.814) واتا کاتێک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی زیاد بێت لە بەرامبەردا سەقامگیریی سیاسیش زیاد دەبێت بە رێژەی (81%).

لە ژێر رۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر کۆمەڵێک پێشنیاز و راسپاردەی پێشکەش بەو توێژەرانی دوای خۆی و لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت و ناوەندەکانی توێژینەوە، و رێکخراوەکان کردووە.

چەمکە سەرکییەکان: دادپەروەری، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی

## پێشەکی

هەر پێکهاتەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی حکومەت – نەتەوەدا خاوەنی بونیاد و پێگەی کۆمەڵایەتییە. سیستەمە سیاسییەکان هەمیشە بەدوای پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەم پێگە کۆمەڵایەتیانەن تا بتوانن بەردەوامی و سەقامگیری خۆیان مسۆگەر بکەن.

لە گرنگترین رێگاکانی پتەوکردن و بەهێزکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکانی هەر سیستەمێکی سیاسی، هێنانەدی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە لەنێو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا.

بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە گرنگترین شێوازەکانی کارامەیی سیستەمی سیاسی کارێکی ئەستەمە تەنها بە گۆرینی سەرچاوە شاراوەکان بە سەرچاوە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 01 نوفمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 د.شفان، د. عبدالله، شمال. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ڕاستەقینەکان دەبێت ئەمەش دوای ئەوەی کە دابەشکردنی ئەم سەرچاوە و خێروبێرانە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی سیستەمەکە پتەو و سەقامگیر بێت.

لەلایەکی تر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە پانتاییەکی کۆمەڵایەتی هەیە و چوارچێوەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە حکومەت و نەتەوە دەبینێتەوە واتا وێناکردنی پێکهاتەی دادپەروەرانەی کۆمەڵگایە کە حکومەت و شوێنی دیاریکراوی هەیە و مەبەستیەتی هاوکاری کۆمەڵایەتی ناوخۆی کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی و دابەشکردنی ئیمکانات و دەرفەتەکان و ئەرک و مافەکان لەسەر بنەما و پێوەرەکانی دادپەروەرانە بێت.

لەسەر ئەم بنەمایە لایەنەکانی وەک دابین کردنی مافی سیاسی – کۆمەڵایەتی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، بوونی یەکسانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەرامبەر یاسا، زەرووڕەتی دادپەروەری دادپەروەرانە، یەکسانی دەرفەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەموو ئاستە جیاوازەکان و هێنانەدی حکومەتێکی دادپەروەرانە لە کۆمەڵگادا.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا توێژەر مەبەستیەتی کێشە و گرنگیی و ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکە کە لەگەڵ چەمکەکان و توێژینەوەکانی پێشوو بخاتەڕوو بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر لە دیاریکردنی پەیوەندی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە سەقامگیریی سیاسییەوە.

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە (Research Problem)

بۆ ناسینی کێشەی توێژینەوەکە توێژەر هەولدەدات تا هەندێ بەڵگەی سەلمێنەری بوونی کێشەکە پیشان بدات. بە واتایەکیتر، توێژەر زەمینەیەک وێنا دەکات کە تێدا کێشەکە ڕووی دا بێت، لەم قۆناغەدا تایبەتمەندییەکانی کێشە، بەرفراوانی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەکە دەناسێندرێت (سرمد وئەوانیتر،2012،ل31).

لەڕاستیدا هەر توێژینەوەیەک بە مەبەستی وەلامدانەوە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەیەکی سەرەکی کە لە چوارچێوەی پرسیارێکدا پەیدا دەبێت، دەست پێدەکات. هەر توێژینەوەیەک بۆ ئەوەی یەکپارچە، ئامانجدار و، بەکاربەربوونی خۆی بپارێزێت دەبێ لە دەوری کێشەیەکی سەرەکی، ڕێکبخرێت. کێشە، پرسیارێکە لە هزری توێژەر سەبارەت بە دیاردەیەک، کێشە یان قەیرانی کۆمەڵایەتی، دەخرێتە بەرباس و توێژینەوە، ئامانجی توێژەر لە باسکردنی ئەم پرسیارە دۆزینەوەی هۆکار یان هۆکارەکانی پەیدا بوونی ئەم کێشەیە یان گرفتەیە، چۆنیەتی ئەم دۆزینەوەیە پەیوەندی بە جۆر و ئامانجەکانی دیاریکراو بۆ توێژینەوە هەیە. بە واتایەکی تر، هەڵبژاردنی کێشەیەکی دیاریکراو و، بە بەڵگەکردنی لە چوارچێوەی کێشەیەکی زانستی و، ئەنجامدانی توێژینەوە بە سوود وەرگرتن لە ڕێبازە زانستیەکان، ناسینی هۆکارەکان و پەیوەندییەکانی پەیوەست بە کێشەکە و، لە کۆتاییدا هەڵگەڕاندنەوەی لە زمانی زانستی بۆ زمانی سادەتر بە مەبەستی پێشکەشکردنی ڕێگاکانی چارەسەری، لە ئەرکە سەرەکیەکانی هەر توێژەرێکە (خاکی،2012، ل6-7).

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێویستیەکی مۆراڵیە و گرنگە، و بنچینەی سەقامگیری تاکە کەسی و کۆمەڵگەیی و نیشتمانی و سیاسییە، و سەرچاوەی پێشکەوتن و بەرەو پێش چوونە، و بنەمای پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەکان و کۆمەڵگەکانە، چونکە باوەڕی بە جیاکاری و بەربەست نیە کە ڕووبەڕووی نەتەوە و چینەکان دەبێتەوە دەرئەنجامی ڕەگەز و جۆر و ڕەچەڵەک و ئینتما و ئایین و ڕۆشنبیری، لە بەرامبەر ئەمانە داوای بەرز کردنەوەی بنەماکانی یەکسانی و پاڵپشتی ماف و دڵنیایی و پاراستن و بابەتی بۆماوەیی و دادپەروەری لە دابەشکردنی سەروسامان دەکات،و جگە لەمەش بنەماکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە دەست دێت کە ئامانجی چەسپاندنی بەهاکانە و بەدەستهێنانی مرۆڤایەتیە و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەمووان بە بێ جیاکاری یا خود پەراوێزخستن یان دورخستنەوەی کۆمەڵایەتی دەچەسپێت و سەقامگیر دەبێت، و ململانێی چینایەتی لەناو دەبات لە دەرئەنجامی گونجان لەنێوان دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکسانی، و هەروەها لە بەرامبەردا سیستەمی سیاسی ڕەسانەیەتیی خۆی بە دەست دێنێت و توانای پاراستنی پیشە و تواناکانی دەبێت، جگە لە ڕەخساندن و بونیادنانی بنکەیەکی میللی تایبەت بە ئاڵوگۆڕی متمانە لە نێوان دام و دەزگاکانی وڵات و تاکەکانی کۆمەڵگە.

سەقامگیریی سیاسی بەیەکێک لەمەبەستە سەرەکیەکان دادەنرێت کە زۆربەی سیستەمە سیاسییەکان هەولی بەدەستهێنانی دەدەن، چونکە لە ژێر سایەی سەقامگیریی سیاسی کەش دەرەخسێت بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەو پلانەکانی حکومەت و، سیاسەتی گەشەپێدان بە گشتی و بە گشت لایەنەکانیشەوە، چونکە لە بواری سیاسەتەوە سەقامگیری بە داواکاری سەرەکی دادەنرێت بە مەبەستی

بەدەستهێنانی گەشەپێدانی سیاسی، بۆیە ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە جۆرێک لە سەقامگیری سیاسیان تێدایە، ئەو جۆرە سیستەمانەن کە توانیانە بونیادی ئامراز و دام و دەزگا بکەن بە شێوەیەک کە دەرفەت برەخسێت بۆ جوڵەی کۆمەڵایەتی (Social Mobility) و دەستاو دەست کردنی هێزی ئابووری و سیاسی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆیە رەخساندنی دەرفەت لە نێوان گشت ئەندامانی کۆمەڵگە، و وڵات بۆ بەشداری کردن لە وەرگرتنی بڕیار و کارگێڕی کاروباری وڵات، جا بە شێوەی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ واتا لەرێگەی نوێنەرانی گەلەوە، واتا بەشداری کردنە لە ژیانی گشتی، و ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی دێنێتە ئاراوە لە کۆمەڵگادا. بەڵام بە جێبەجێ نەکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زنجیرەیەک قەیران لە سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە بابەت و کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکیە کە بریتییە لە:

پەیوەندی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە سەقامگیریی سیاسییەوە چییە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە؟

### دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە: (The Importance of the study)

**ئەم توێژینەوە لە دوو ڕوویەوە گرنگی هەیە:**

لەڕووی زانستیەوە: بایەخ و گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە هەوڵێکی زانستیانەیە و لە بابەتێکی پێویست و هەستیاری سەرەکی و پڕ بەهای کۆمەڵگەی کوردی دەکۆڵێتەوە ، کە بە بڕبڕەی پشتی ئایندەی کۆمەڵگە و بنەمای بەرهەمهێنانی سەقامگیری لە گشت پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

جگە لەوەش هەوڵی زانینی پەیوەندی لێکبەستراوی نێوان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی دەدات لە هەرێمی کوردستان و کاریگەری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەسەر چەسپاندنی سەقامگیریی سیاسی بەتایبەت کە لەم ساڵانەی دواییدا جوڵەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی دروست بووە کە داکۆکی لە بوونی قۆرغ کردن و بە فیرۆدانی ماف و بەرهەم هێنانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەکات.

**لەڕووی پراکتیکیشەوە:** بابەتی توێژینەوەی (پەیوەندی نێوان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی) کە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی پراکتیکی کۆمەڵناسی کە تاکو ئێستا لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە توێژینەوەی ئەوتۆی لەسەر نەنووسراوە، جگە لەوەی بابەتی ئەم لقە زانستییە خۆی لە خۆیدا ڕەهەندێکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتییە، و هەروەها هەوڵێکە بۆ بەپیت و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی بە گشتی بە تایبەت لە بابەتی دادپەروەیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. جگە لەمەش هەڵسەنگاندنێکی گشتی ڕەوشی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە و کاریگەری لەسەر سەقامگیریی سیاسی لەرێگای کۆکردنەوەی داتا و زانیاری تەواو لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و گەیشتن بە دەرەنجامی زانستی و لەسەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانیش ئەم توێژینەوەیە پێشنیاز و چارەسەری پێویست پێشکەش دەکات بەلایەنی پەیوەندار بەبابەتی توێژینەوەکە.

### سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە: (The Objectives of study)

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە (پەیوەندی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە سەقامگیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە).

1. درخستنی سیما و خەسلەتەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی شوێنەوارەکانی لەسەر سەقامگیریی سیاسی.
2. هەوڵدان بۆ ناسینی پەیوەندیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئاراستە کردنی سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.
3. زانینی ئاستی پەیوەندی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە دیدگاو تێروانینی کۆمەڵگا بۆ سەقامگیریی سیاسی.

### چوارەم : پرسیارەکانی توێژینەوەکە: (The questions of The study)

لە ژێر ڕۆشنایی پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە چەند پرسیارێکی لاوەکی دروست دەبێت کە بریتییە لە:

1. چۆن دەکرێت ڕاڤە بۆ پەیوەندی نێوان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی بکرێت؟

2. تا چ ڕادەیەک ڕەهەندەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر سەقامگیریی سیاسی
هەبووە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە؟

3. کۆسپ و ئاڵنگاریەکانی نێوان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی؟

4. چۆنیەتی ڕەخساندنی ستراتیژی سیاسەتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی بە دەست هێنانی سەقامگیری سیاسی؟

**بەشی دووەم: چەمکەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وسەقامگیریی سیاسی**

**یەکەم: دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (Social Justice)**

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەوانەیە پڕ مشتومڕترین چەمک لە گۆڕەپانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی بێت، دادپەروەری بە مانای ئەوەیە کە چ شتێک لە ڕووی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە بزانین و، یان نادادپەروەرانە دابنێین و، ئامانجیشی دەستگەیشتنە بە پێوەرەکان و ڕێساکان بۆ جیا کردنەوەی کاری دادپەروەرانە لە کاری نادادپەروەرانە.

کارێک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (بە مانای چییەتی) پێکهاتوو لە چوارچێوەیەک لە بابەتەکانی سیاسی دەزانێت کە لەرێگای سیاسەتەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ژینگەیی و سیاسی و، لەسەر بنەمای قبوولی جیاوازی و هەمە چەشنی، بەدواداچوون دەکرێت و، لە خۆگری بەهاکانی وەکو بەدیهاتنی ئینساف و، یەکسانی ئەنجامەکان و، پێکدادانەکانە کە کەرامەت و بەهای یەکسانی بۆ هەمووان فەرز دەکات، پێویستییە سەرەکییەکان بەدیدەهێنێت، نایەکسانییەکان لە سەروەت، داهات و، دەرفەتەکانی ژیان لە باڵاترین ئاست کەم دەکات و، بەشداری هەموون بەتایبەتی بێ بەشەکان بەرز دەکاتەوە (Craig,2002,p671- 672).

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕێزگرتن لە ئەوانیتر و، ڕەچاو کردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، وە یان بریتییە لە ناسینی مافی سروشتی و گرێبەستێک کە کۆمەڵگا بۆ هەموو تاکەکان دادەنێت، وەکو دابەشکردنی کار و دانی حەق بە کرێکاران وەکو شارەزاییان و زیاد کردنی خزمەتگوزاری و دابین کردنی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانە کە تاکەکان بۆ پاراستنی مانەوەی خۆیان و ئاسانکاری لە پێشکەوتنی کاری خۆیان و، گەیشتن بە خوشبەختی خۆیان مافیان هەیە ئەو بەدەست بێنن (صلیبا،1982،ل461).

فۆک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە خۆگری 1) کۆمەڵێک لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی (وەکو چاودێری، دیمۆکراسی، ئینساف، کەرامەت و بەهای تاکەکان) : 2) وەرگێڕانی ئەم بەهایانە بە بابەتەکانی دیاریکراو (وەکو، کەم بوونی نایەکسانییەکان و، زۆربوونی گرتنەبەری کۆمەڵایەتی) دەزانێت کە لە کۆتاییدا ئامانجێکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی یان گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و 3) لە ڕێگای سیاسەتە تایبەتییەکانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەیی) پەسەند دەکرێت. (Fook,2014,p161).

بە پێی بۆ چوونی میلێر، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە چۆنییەتی دابەشکردنی خێرەکانی کۆمەڵی لە کۆمەڵگا هەڵدەستێ. ئەوەی کە شتەکانی باش و خراپ لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگای مرۆیی چۆن دەبێ دابەش ببن (Miller,1999,p2-3).

ئەندرۆ هیوود وا باس دەکات کە "دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەدابەشکردنی ڕەوشتی شیاوی بەرگری سوودەکان یان پاداشتەکان لەکۆمەڵگا کە لەسەر بنەمای حەق، سوود، چاودێری پزیشکی، بەرژەوەندییەکانی خۆشگوزەرانی و وەکو ئەوان هەڵدەسەنگێندرێت پشتیوانی دەکات" (هیوود،2015،ل440).

بە بڕوای هایک، دادپەروەری کۆمەڵایەتی تایبەتمەندییەکی ڕەوشتی بۆ شرۆڤەی ڕەفتاری مرۆڤ بووە و، تەنها ڕەفتاری مرۆڤە کە دەتوانێت دادپەروەرانە یان نادادپەروەرانە بێت و، بەکارهێنانی ئەو بۆ شرۆڤەی دیاردەیەک بێ مانایە. دیاردەیەک یان ڕووداوێک کە ئەنگێزە و ئیرادەی تاک یان گروپێک لە تاکەکان تێیدا ڕۆڵیان نییە، دەتوانێت باش یان خراپ بێت، بەڵام ناتوانێت تایبەتمەندی دادپەروەرانە یان نادادپەروەرانە بۆ ئەو بەکار ببرێت. کرداری گروپێک لە تاکەکان، کە بە ئەنگێزە و تەرحی پێشتر بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی تایبەتی کۆ بووینەتەوە، دەتوانرێت دادپەروەرانە وێنا بکرێت، تەنانەت دەتوانرێت دەربارەی ڕەفتاری حکوومەت بە تێڕوانینی بەدیهێنانی دادپەروەری، دادوەری و حوکم بدرێت، بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵگا مرۆییەکان ناتوانین ئەو جۆرە دادوەرییە بدرێت بەلایەکی تر، ناتوانین بڵێین دۆخی کۆمەڵگایەک دادپەروەرانەیە یان نییە و، بەکار بردنی ئەو بۆ کۆمەڵگا بێ مانایە، ڕووداو یان دۆخێک کە تاک یان گروپ بەشدار نەبووینە لە دروست بوونی، دەشێ باش یان خراپ بێت، بەڵام تایبەتمەندی دادپەروەرانە یان نادادپەروەرانە ناکرێت بۆ ئەو بەکار ببردرێت. منداڵێک کە شەلەلە یان مرۆڤێک کە نزیکترین کەسی خۆی لە دەستداوە، دۆخێکی ناخۆشن، بەڵام نادادپەروەرانە یان دادپەروەرانە نینە (غنی نژاد،1994،ل24-25).

ئیبراهیم ئەلعیسوی پێناسەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئەو حاڵەتەیە کە تێیدا زوڵم و درۆ و ستەم و، بێبەشکردن لە سامان یان دەسەڵات یان هەر دوو کیان نکۆڵی لێ دەکرێت، و، ئەمانەی تێیدا نەبێت ، هەژاری، پەراوێز خستن، گۆشەگیر

کردن و، دوور خستنەوەی کۆمەڵایەتی و، جیاوازی کۆمەڵایەتی ناپەسەند لە نێوان گروپ و تاکەکانی ناو هەرێمەکانی ناوەوەی وڵاتدا، کە تێیدا هەموو کەسێک مافی یەکسانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ژینگەیی هەبێت و، ئازادی یەکسان کە تێیدا هەستی دادپەروەری، هاوسۆزی، دڵنیایی و بەشداری کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگا دەرفەتی یەکسانیان بۆ پێشکەوتن هەیە کە هەڵبژێردراون و، خاوەندارێتیان هەیە و، وزەیان بە کار بهێنن و، دامەزراندنی باش لە بەرژەوەندی تاک بە مەبەستی دڵنیایی لە ئەگەری زۆر بوونی جوڵەی کۆمەڵایەتی لە لایەک و ، لە بەر کۆمەڵگا لەلایەکی تر کە تێیدا کۆمەڵگا لەمەترسی بەرپرسیارەتی ئابووریدا نەبێت (العیسوی،2012،ل7-8).

**پێناسەی کارپێکەری**

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هاوسەنگی و یەکسانی نێوان گشت تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەکارهێنانی سوود و ئامرازەکانی ژیان و هێنانەدی دۆخێک کە گشت تاکەکانی کۆمەڵگا بتوانن سوود لە ئامراز و هۆیەکانی ئاسایش و خوشگوزەرانی وەربگرن و شتە بە بەهاکانی وەکو : داهات و دارایی، ماف و ئەرکەکان، دەسەڵات و دەرفەتەکان، پلەو پایە و شانازییەکان، سەرچاوەکان و چاوکە کۆمەڵایەتیەکان بە پێی شایستەیی و دروستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دابەش بکرێن.

**دووەم: سەقامگیریی سیاسی (Social Stability)**

وشەی (Stability) هاو واتای سەقامگیری و جێگیرییە لە وشەی (Stable) بە مانای شتێک کە جوڵەی نییە، ناکەوێت و ناگۆڕدرێت (بهزاد،1997،ل349).

سەقامگیری یان جێگیریی کۆمەڵایەتی لە ڕووی دەستەواژەیی بە مانای توانای سیستەمێک بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی هاوسەنگ دوای تێپەڕاندنی ئالۆزییەکان (بیتسی و بلاگ،1996،ل792). لە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی ماناکانی وەک، ڕێکخستن، وەستاوی و جێگیری کۆمەڵایەتی، هاو واتای سەقامگیری کۆمەڵایەتی بەکار دەبردرێت.

زۆر جاریش چەمکی سەقامگیری لە تێگەیشتنی هاوچەرخدا لە چەمکی (ئاسایش)ە وە نزیکە، لە کۆمەڵناسیدا وەک هێمایەک بۆ حالەتێکی کۆمەڵایەتی یان ئابووری دیاریکراو بەکار هاتووە کە پەیوەستە بەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانەی بەسەر پەیوەندی پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا دێن (شەریف،2007،ل120).

سەقامگیری وەک چەمکێک، ڕەهەندێکی سۆسیۆلۆژی و ئابوورییەکە پەیوەستە بە هاوسەنگیی و بەرابەریی (باڵانس) ملمڵانێی نێوخۆیی و دەرەکییەکانەوە چونکە کۆمەڵگا، کۆمەڵە یەکەیەکی ڕێکخراو و پێکەوە گرێدراو و بە یەکەوە پەیوەستن و کار بۆ دەستەبەر کردنی سەقامگیریی و هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی دەکەن (شەریف،2007،ل120).

*لێرەدا بەسوود وەرگرتن لە فاکتەرە جیاوازەکان هەول دەدرێت سەقامگیریی سیاسی وەکو گۆڕاوی پاشکۆ ڕوونبکرێتەوە، دۆخی سەرەکی سەقامگیریی سیاسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە فاکتەرەکانی ئابووری کۆمەڵایەتی، سیاسی وکولتووری بۆ ڕوونکردنەوەی سەقامگیریی سیاسی بەکار بهێنرێت و لە بارەیەوە بابەتە جیاوازەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

پێناسەیەک کە لێرنێر لە سەقامگیریی سیاسی دەخاتە ڕوو لەسەر بنەمای ڕۆڵی پەیوەندییەکانە لە پەرەسەندنی سیاسیدا. هەماهەنگی نوخبەکانی نوێخوازی وڵاتێک لەگەڵ ئارەزووەکانی کە لە گەشە و بەرفراوانبوونی گواستنەوەکانی (انتقالی) ئەو وڵاتە، نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی سەقامگیریی سیاسییە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم. دەکرێ لەم پەیوەندییەدا هەندێ بەڵگەی ناسەقامگیریی سیاسی، ناکۆکی ناو نوخبەکان، ناکۆکی نێوان نۆخبەکان و خوازیارانی پلەو پایە ناو ببردرێت (Lerner,1964,p162).

لە تێروانینی لێرنێر" ئەگەر لە وڵاتێکدا نێوان نوخبەی پێشکەوتوو و زۆری ئارەزووەکانی و هەروەها گەشەی لەسەر خۆی نوخبەکانی گوازراوە (پێیەکیان لە نەریتی و پێیەکیان لە پێشکەوتن) هەماهەنگی هەبێت ئەو وڵاتە بە هەمان ڕادە سەقامگیریی سیاسی تێیدا هەیە، ئەگەر ناکۆکیش لەم بارەیەوە زۆرتر بێت ئەو وڵاتە بەهەمان ڕادە ناسەقامگیر هەژمار دەکرێت. بوونی هەرچی زۆرتری هەماهەنگی و نەبوونی مەودای زۆر و جددی نێوان سێ جۆر نوخبە لەوڵاتێکدا، هاوتای ڕێژەیی سەقامگیرییە لەکۆمەڵگادا".

بۆیە سەقامگیریی سیاسی بریتییە لەدۆخێک کە تێیدا لەنێوان سێ جۆر نوخبە لە بوارە جیاوازەکان، هاوسەنگی ڕێژەیی لە ئەنجامی نەبوونی مەودای جددی لە نێوان ئەوان، جێگیر بوو بێت. هەر کاتێک ئەم هاوسەنگییە بە هۆی زۆر بوونی مەودا لە بەر یەک هەڵدەوەشێتەوە و ناسەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. سەرەکیترین ئەرکی سیستەمی سیاسی لەم دۆخەدا، پاراستنی ئەم هاوسەنگیەیە لە نێوان نوخبەکان کە دەتوانێت نوێکردنەوەی کۆمەڵگەی بە بێ

توندوتیژی (وەکو: شۆرش، کۆدەتا و تیرۆر) بە سیاسەتکردن و، لە جێبەجێکردن بەرێوە ببرێت (خواجە سروی،2003،ل84).

بەشداریکردنی گەل لەپرۆسەی درووستکردنی بڕیاری سیاسیدا، لە توخمە سەرەکیەکانی بوونی سیستەمێکی دیموکراسی و بەرقەراربوونی ئاسایش و دواجار سەقامگیریی سیاسیە.پێچەوانەکەشی تەنگژەی سیاسی لیٚ دەکەوێتەوە و سەرەنجام ئەو تەنگژە سیاسیانە، فراوان و بەردەوام دەبن و دیاردەی ناسەقامگیری سیاسی دەبێتە خەسڵەتی ژیان و سیستەمی سیاسی ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگەیە (جیهانبەگلو،2001،ل54).

ئەیان لاستیک لە توێژینەوەی خۆی لە سەقامگیریی سیاسی سەرەتا دوو تێڕوانینی گشتی یان دوو نەریتی کۆمەڵایەتی یان دوو ڕێبازی کۆمەڵناسانە دەردەبڕێت. لە ڕێبازی یەکەم کە لە هیگل تا ماکس ڤیبەر و پارسۆنز درێژەی هەیە، تیۆرڤانەکان باسکراوە، یەکەکانی سیاسی کۆمەڵایەتی وەکو سیستەمەکانی هاوسەنگ و سەقامگیر شرۆڤە و شیکردۆتەوە کە کاتێک لە بەرامبەر هێزەکان، تەکنەلۆژیا، کۆمەڵایەتی و یان ئایدولۆژیای جیاواز دادەنرێن لە ژێر نموونەکانی تایبەتی پەرچەکردار دەکەن و، پەرەدەسەنن. تیۆرڤانەکانی ئەم ڕێبازە بە تیۆرڤانەکانی " گشتی " ناونراون. لە تێڕوانینی تیۆرڤانەکانی " گشتی " کە کۆمەڵگاکان وەکو یەکەکانی یەکپارچە هەژمار دەکرێن، بوونی ناکۆکی و ململانیٚ لە کۆمەلگاکان هەڵوەشاندن نییە بەڵام لێرەدا وەک چاوەڕیٚ دەکریٚ کێبرکێی سیاسی و ئاڵۆزی دیاردەکانی چاوەڕواننەکراو و سەرسووڕێنەرن و ئەگەر ڕوو بدەن، دەبیٚ ڕوونبکرێتەوە، لێرەدا گرنگتر لە هەموو، سەقامگیری سیستەمی سیاسی دیاردەی چاوەڕوان کراو بوو، و لە سەر ئەم بنەمایەیە کە سیستەمی سیاسی دەبیٚ بەردەوام بێت و ، جگە لەمە چاوەڕواننەکراوە.

ڕێبازی دووەم، نەرێتێکی رۆشنبیرانە پێک دەهێنێت کە هەڵگرتنی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە لە بەرامبەر تێڕوانینی یەکەم دانراوە، نووسەرانی ئەم ڕێبازە تیۆرڤانەکانی ململانیٚ ناونراون، بە ناو بانگترین ئەم تیۆرڤانانە لە هابز تا وەکو دۆرکهایم، دارێندۆرف و هانتینگتۆنن، ئەمانە کۆمەڵگاکان وەکو پێکهاتەیەک لە تاکەکان و یان گروپەکان شرۆڤە و شیکردۆتەوە کە بەرژەوەندی و خواستەکانیان لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، لەسەر بنەمای ئەم دیدگایەیە لە کۆمەڵگادا کێبرکیٚ و ئالۆزی چاوەڕوانکراوە و لە خۆڕا نە سەرسووڕهێنەرە و، نە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە. ئەوەی لەم پێگە گشتییە جێی سەرسوڕمانی بوونی سیستەمەکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی بە درێژایی سەردەم، بەتایبەتی بەردەوامی لەگەڵ سەقامگیری نموونەکانی تایبەتی لە پەیوەندییە سیاسییەکانە (خواجە سروی،2003،ل93).

لاستیک پێناسەی خۆی لە سەقامگیریی سیاسی بەم شێوەیە دەردەبڕێت سەقامگیری یان سەقامگیریی سیاسی بە چالاکی بەردەوامی نموونەکانی تایبەت لە ڕەفتاری سیاسی، جیا لە بەکار هێنانی نایاسایی توندوتیژی ئاماژە دەکات کە لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی گشتی لەنێوان گشتی بە ئاگا، هاوڕا دەبێت، لەوانەیە ئەم جۆرە نموونانە لە ئایندەدا پێشبینیکراو و دەست لێنەدراو بمێننەوە (Lustick,1994,p57).

پێناسەی سەقامگیریی سیاسی لە تێڕوانێنی رۆبێرت کلارک سیستەمی سیاسی دەبیٚ بە پلەیەک بایەخ بە پرۆسەی هەمە لایەنەی گەشەپێدان بدات تا گەشبینی لای هاووڵاتیان درووست بکات، چونکە سیستەمی سیاسی دەبیٚ ئەو ڕاستییە بزانێت بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە پێگەیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوونی زۆرینەی خەڵک هەیە. واتە تاک لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگەدا بگونجێت و لە نێو سیستەمی سیاسیدا ڕۆڵ بگێرێت و مافی هاووڵاتیبوونی هەبێت. تەنیا لەمەشەوە سەقامگیریی سیاسی دروست دەبێت، چونکە بە بەشداریکردنی کارا و چالاکی هاووڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئاراستەیەکی گونجاو لەگەڵ بەها و ڕێساکان پێکدەهێنن، ئەم حاڵەتەش، پەیوەندیی نێوان تاک و سیستەمی سیاسی تۆکمە دەکات (Clark,1979,p17).

ڕۆبەرت دال ڕۆس پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئاستی پەرەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لە لایەک و سەقامگیریی سیاسی لە لایەکی دیکەوە دەبینێت، ڕۆس پێیوایە، لەنێوان دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی ئابووریی و سەقامگیریی سیاسیدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەشەو، (تۆماس گرین) لە پەرتوکەکەیدا بە ناوی (بزاڤە شۆڕشگێڕییە بەراورد کارییەکان... گەڕان بە دوای دادپەروەرییدا) دووپاتی دەکاتەوە : تەنگژەی ئابووریی، دۆڕانی سەربازیی، توندوتیژیی حکومی و فەرمی، چاکسازیی سیاسی و دارزانی دەستە بژێری سیاسی، فاکتەر گەلێکی دیارن بۆ درووستبوونی ناسەقامگیریی سیاسی (الحمد، 2006).

**پێناسەی کارپێکەری :**

سەقامگیریی سیاسی بریتییە لە بەشداری خەڵک لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری سیاسیدا، کە دەبێتە هۆی بەخشینی توانا بۆ ڕێکخستن لە ڕەفتاری دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسیدا و، دەستەبەر بوونی توخمی شەرعییەت لە سیستەم و دەسەڵاتدا بەمەش سیستەمی دیموکراسی و ئاسایش لە ناو کۆمەڵگادا بەرقەرار دەبێت.

**بەشی سێیەم:میتۆد و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە و شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان.**

بناغەی هەر زانستێک، شێوازی ناسینەکەیەتی، متمانە و بەهای یاساکانی هەر زانستێکیش بە میتۆدەکەی وابەستەیە کە زانست تێیدا بەکار دێت.

میتۆدی توێژینەوە، کۆمەڵێک لە ڕێسا، ئامراز و ڕێگا دروستەکان (جێی متمانە) و ڕێکخراوە بۆ خوێندنەوەی ڕاستییەکان، دۆزینەوەی نەناسراوەکان و بەدەستهێنانی ڕێگای چارەسەری بۆ کێشەکان (خاکی، 2002، ل201).

میتۆدی توێژینەوە ئامرازیان ڕێگایەکی دیاری کردنی ئەو کارەیە کە چۆن بژاردەیەکی توێژینەوە چوارچێوەی کرداری یان هەنگاوەکانی بەدوادا گەڕان بۆ پرسیارەکانی توێژینەوە فەراهەم دەکات. توێژەر دەتوانێت سوود لە میتۆدە جۆراوجۆرەکانی توێژینەوە وەربگرێت و، هەوڵبدات بە دۆزینەوە (Explor)، وەسف (Describe)، دامەزراندنی پەیوەندی هاوکاتی (concomitant relationship)، هەروەها دامەزراندنی پەیوەندی هۆکار و کاریگەری ( cause & effect). میتۆدی گونجاو لەسەر بنەمای بژاردەکانی توێژینەوە هەڵدەبژێردرێن (سرمد و ئەوانی دیکە، 2012، ل22).

توێژینەوەی هاوپەیوەندی، پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان لەسەر بنەمای ئامانجی توێژینەوە شی دەکاتەوە و، ئامانج دیاری کردنی ڕادەی هاوئاهەنگی گۆڕانکارییەکانی دوو گۆڕاوە.بۆ ئەم مەبەستە لەسەر بنەمای پێوەری پێوانەیی گۆڕاوەکان، ڕەهەندی گونجاو هەڵدەبژێردرێن.

بۆ کۆکردنەوەی داتاکان ئامرازی جۆراوجۆر پێویستە کە جۆری ئەم ئامرازانە پەیوەستە بۆ هۆکاری جۆراوجۆر لەوانە سروشت و میتۆدی توێژینەوە، کە سەرەکیترینیان بریتیین لە: بەڵگەی ئەرشیفکراو (Document)، تێبینیکردن(Observation)، چاوپێکەوتن (Interview)، پرسیارنامە (Questionnaire)، هەریەک لەمانە سوود و زیانی هەیە کە لەکاتی بەکارهێنانیان دەبێت ئاماژە بە سوود و زیانەکان و کاریگەرییان لەسەر ئامانجی توێژینەوە بدرێت، و، بە ڕەچاوکردنی خالی پێویست، زەمینەی متمانەی توێژینەوە، فەراهەم بکەین (خاکی، 2010، ل239).

هەروەها یەکێک لە ڕێگاکانی میتۆدی وەسفی بریتییە لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، ڕووپێوی کۆمەڵایەتی دوو جۆری هەیە، کە بریتین لە (ڕووپێوی گشتی) کە زانیاری لەبارەی سەرجەم بوارەکانی دیاردەی توێژینەوە لە هەموو یەکەکانی توێژینەوە کۆ دەکاتەوە، چ تاک بن یا کۆمەڵ، جۆری دووەم (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە) کە ئەمە لە توێژینەوە گشتگیرەکان زیاتر بەکار دێت (الزێباری،2011، ل82).

لەبەر گشتگیر بوونی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئەم شێوازە زیاتر بۆ کۆکردنەوەی بەرفراوانی زانیاری بەکار دێت، کە ئەمەش ئامرازی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەویش " پرسیارنامە "یە.

توێژەر بۆ هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هەر دوو گۆڕاوی توێژینەوەکە چەند ڕەهەندێکی دیاری کردووە کە نزیکە لە بابەتی پەیوەست بە توێژینەوەکە. ڕەهەندەکانی پەیوەست بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (یەکسانی، پێویستی، دابەشکردن، ماف) کە بە پێی هەر ڕەهەندێک پرسیارەکان ئامادە کراون.

بۆ گۆڕاوی پاشکۆ کە سەقامگیریی سیاسییە ڕەهەندەکانی (ئاسایش، بەشداریکردن، دەرفەت، یاسا) دیاریکراون و، بە پێی ڕەهەندەکان پرسیار ئامادە کراوە. پرسیارەکان لەسەر بنەمای " پێوانەی لیکێرت " ( Likert Scale) بە هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکانی زۆر ڕازیم، ڕازیم، نازانم، ڕازی نیم، هیچ ڕازی نیم ئامادە کراوە.

میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفی هاوپەیوەندییە.

**دووەم : کۆمەڵگای ئاماری**

کۆمەڵگای ئاماری بریتییە لە کۆمەڵێک لە تاکەکان یان یەکەکان کە بەلایەنی کەمەوە، تایبەتمەندی هاوبەشیان هەبێت. عادەتەن لەهەر توێژینەوەیەکدا، کۆمەڵگای توێژینەوە، کۆمەڵگایەکی ئامارییە کە توێژەر مەیلی هەیە لەبارەی تایبەتمەندی (تایبەتمەندییەکانی گۆڕاوی یەکەکانی توێژینەوەی لەبارەی بکات (سرمد و ئەوانی تر،2011، ل177).

کۆمەڵگای ئاماری ئەم توێژینەوەیە لە هاووڵاتییانی سەرەوەی تەمەن (18) سالی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان پێک دێت بە نێرینە و مێینەوە.

**سێیەم: نموونەی توێژینەوەکە**

توێژەر هەول دەدات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سوود لە بەشێکی گروپەکە وەربگرێت بە شێوەیەک کە وەلامدانەوە و تایبەتمەندییەکانیان ڕەنگدانەوەی گروپێک بێت لە ناویاندا هەلبژاردووە. ئەم کردارە زۆر خێراتر و ئاسانتر و هەرزانترە کە بنەمای سەرەکی نموونە هەلگرتنیش هەر ئەمەیە.

توێژەر بۆ هەلبژاردنی نموونە سوودی لە شێوازی نموونە هەلگرتنی دوو قۆناغی و، بە شێوەی هەرەمەکی وەرگرتووە بە شێوەیەک کە لە کۆی شوێنی نیشتەجێبوونی شاری هەولێر کە (170) شوێنە (20) گەرەکی بە شێوەی هەرەمەکی سادە دەرهێناوە و لە قۆناغی دووەم لە دانیشتووانی ئەم گەرەکانە (350) کەس (ژن و پیاو) بە شێوەی هەرەمەکی بۆ گرووپی نموونە هەلبژاردووە.

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

یەکەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا بە شێوەیەکی ورد ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان خستەڕوو

یەکەم: ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی ڕاپرسی

خشتەی ژمارە (1): تایبەت بە ڕونکردنەوەی ڕەهەندەکانی ڕاپرسی

| بەش | تەوەرەکانی توێژینەوە | هێمای بەکارهاتوو لە ناوەرۆکی توێژینەوە | ڕەهەندی تەوەرێک | هێمای بەکارهاتوو لە ناوەرۆکی توێژینەوە | ڕیزبەندی بڕگەکان | هێمای بەکارهاتوو لە ناوەرۆکی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | زانیارییە گشتییەکان: ڕەگەز،تەمەن ،باری کۆمەڵایەتی،ژمارەی ئەندامانی خێزان،ئاستی خوێندن،ئاستی بژێوی،خاوەندارێتی خانوو،جۆری نیشتەجێ بوون،پیشە | ------ | ------ | ------ | 1-9 | ------ |
| دووەم | دادپەروەری کۆمەڵایەتی | X | یەکسانی | X_1 | 10-13 | X1-X4 |
| | | | پێویستی | X_2 | 14-17 | X5-X8 |
| | | | دابەشکردن | X_3 | 18-21 | X9-X12 |
| | | | ماف | X_4 | 22-25 | X13-X16 |
| سێیەم | سەقامگیریی سیاسی | Y | ئاسایش | Y_1 | 26-37 | Y1-Y12 |
| | | | بەشداریکردن | Y_2 | 38-49 | Y13-Y24 |
| | | | دەرفەت | Y_3 | 59-61 | Y25-Y26 |
| | | | یاسایی | Y_4 | 62-73 | Y37-Y48 |

خشتەی ژمارە (2) : پێوەری لیگارتی پێنجی بۆ پێوانی نمرەی دەستەواژەکان

| وەڵامەکان | زۆر ڕازیم | ڕازیم | نازانم | ڕازینیم | زۆر ڕازینیم |
|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |

6. وەسفکردنی گۆڕاوی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی:

1. وەسفی ڕەهەندی یەکسانی:

بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (5) تایبەت بە (ژمارە و ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمارەیی و لادانی پێوەری) تایبەت بە برگە و ڕەهەندەکانی (X1–X4) کە ئاماژەیە بۆ ڕای نموونەی توێژینەوە دەربارەی ڕەهەندی یەکسانی، ئاماژەکان زیاتر بەئاراستەی نەبوونی هاوهەڵوێستی و قایل نەبوونی نموونەی توێژینەوەیە ، ورێژەکان و ئاماژە گشتیەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ڕێژەی (20.93%) لە نموونەی توێژینەوە هاوهەڵوێستن لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، لەبەرامبەردا ڕێژەی (58.79%) کۆک نین لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، و ئەم دەستەواژانە بە ناوەندە ژمارەیی ڕێژەی (3.42) دێت، و بەرێژەی (0.96) لادانی پێوەری، و ڕێژەی کۆک بوون لەسەر دەستەواژەکان بەرێژەی (68.41%) ، ئەمەش واتای نەبوونی کۆدەنگی لەسەر بوونی یەکسانی یە، کە هۆکارێکە بۆ بوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. وبەرزترین ڕێژەی کۆک بوون لەسەر ئاستی

دەستەواژەکانی ئەم ڕەهەندە لەدەستەواژەی (X1) بوو، کە ڕێژەی کۆک بوون (82.57%) بوو، ناوەندە ژمارە و ولادانی پێوەری بەرێژەکانی (4.13)، (0.94) یەک بەدوای یەک بوون، کە بریتیە لە (وەک هاووڵاتی هەست بەبوونی سروشتی خۆم دەکەم).

توێژەر پێی وایە، نەبوونی یەکسانی بەرێژەی(58.79%)دەگەرێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی کە هەیە لەنێو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، لە کارە لە پێشینەکانی حکومەتیشە ئەو کارانە جێبەجێ بکات کە تاکەکانی کۆمەڵگا دۆخێکی یەکسانیان هەبێت لەهەموو ڕوویەکەوە وەک: مافی مەدەنی، ئازادی ڕادەربڕین، مافی خاوەندارێتی و سوودمەندبوون لەخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بە بێ جیاوازی.

**خشتەی ژمارە (5): دابەشبوونی دووبارەبووەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ تەوەری دادپەروەری کۆمەڵایەتی (ڕەهەندی یەکسانی)**

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **برگە** | | زۆر ڕازیم | ڕازیم | نازانم | ڕازی نیم | هیچ ڕازی نیم | **ناوەندی ژمێرەیی** | **لادانی پێوەری** | **ڕێژەی ڕازیبوون** |
| X1 | **ژمارە** | 6 | 22 | 33 | 149 | 140 | 4.13 | 0.94 | 82.57% |
| | % | 1.71% | 6.29% | 9.43% | 42.57% | 40.00% | | | |
| X2 | **ژمارە** | 71 | 95 | 36 | 103 | 45 | 2.87 | 1.37 | 57.49% |
| | % | 20.29% | 27.14% | 10.29% | 29.43% | 12.86% | | | |
| X3 | **ژمارە** | 67 | 49 | 54 | 99 | 81 | 3.22 | 1.44 | 64.46% |
| | % | 19.14% | 14.00% | 15.43% | 28.29% | 23.14% | | | |
| X4 | **ژمارە** | 36 | 45 | 63 | 135 | 71 | 3.46 | 1.24 | 69.14% |
| | % | 10.29% | 12.86% | 18.00% | 38.57% | 20.29% | | | |
| X1.1 | **ژمارە** | 180 | 211 | 186 | 486 | 337 | 3.42 | 0.96 | 68.41% |
| | % | 12.86% | 15.07% | 13.29% | 34.71% | 24.07% | | | |

2. وەسفی ڕەهەندی پێویستی:

بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (6) تایبەت بە (ژمارە و ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمارەیی و لادانی پێوەری) تایبەت بەبڕگە و ڕەهەندەکانی (X5–X8) کە ئاماژەیە بۆ ڕای نموونەی توێژینەوە دەربارەی ڕەهەندی پێویستی، ئاماژەکان زیاتر بەئاراستەی نەبوونی هاوهەڵوێستی و قایڵ نەبوونی نموونەی توێژینەوەیە، وریێژەکان و ئاماژە گشتیەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ڕێژەی (30.07%) لە نموونەی توێژینەوە هاوهەڵوێستن لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، لەبەرامبەردا ڕێژەی (49.36%) کۆک نین لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، و ئەم دەستەواژانە بە ناوەندە ژمارەیی ڕێژەی (3.27) دێت، وبەرێژەی (0.91) لادانی پێوەری، و ڕێژەی کۆک بوون لەسەر دەستەواژەکان بەرێژەی (65.40%) ، ئەمەش واتای نەبوونی کۆدەنگی لەسەر بوونی پێویستی وەک فاکتەرێک بۆ بوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. وبەرزترین ڕێژەی کۆک بوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکانی ئەم ڕەهەندە لەدەستەواژەی (X7 ) بوو، کە ڕێژەی کۆک بوون (69.20%) بوو، ناوەندە ژمارە و لادانی پێوەری بەرێژەکانی (3.46)، (1.19) یەک بەدوای یەک بوون، کە بریتییە لە (پێداویستیە مەعریفیەکان کەلەخۆ رۆشنبیرکردندا بەرجەستەن فەراهەم کراوە).

توێژەر پێی وایە، ڕازی نەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا لەبوونی پێویستییەکان لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە بەرێژەی (49.36%)، دەگەرێتەوە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا چونکە بە پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگا، پێویستییەکانی مرۆڤیش بەردەوام زۆرتر دەبن.

خشتەی ژمارە (6): دابەشبوونی دووبارەبووەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ تەوەری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (ڕەهەندی پێویستی)

| برگە | | زۆر ڕازیم | ڕازیم | نازانم | ڕازی نیم | هیچ ڕازی نیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی ڕازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| X5 | ژمارە | 42 | 85 | 65 | 123 | 35 | 3.07 | 1.21 | 61.37% |
| | % | 12.00% | 24.29% | 18.57% | 35.14% | 10.00% | | | |
| X6 | ژمارە | 41 | 77 | 51 | 122 | 59 | 3.23 | 1.29 | 64.63% |
| | % | 11.71% | 22.00% | 14.57% | 34.86% | 16.86% | | | |
| X7 | ژمارە | 22 | 58 | 85 | 107 | 78 | 3.46 | 1.19 | 69.20% |
| | % | 6.29% | 16.57% | 24.29% | 30.57% | 22.29% | | | |
| X8 | ژمارە | 15 | 81 | 87 | 111 | 56 | 3.32 | 1.12 | 66.40% |
| | % | 4.29% | 23.14% | 24.86% | 31.71% | 16.00% | | | |
| X1.2 | ژمارە | 120 | 301 | 288 | 463 | 228 | 3.27 | 0.91 | 65.40% |
| | % | 8.57% | 21.50% | 20.57% | 33.07% | 16.29% | | | |

3. وەسفی ڕەهەندی دابەش کردن:

بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (7) تایبەت بە (ژمارە و ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمارەیی و لادانی پێوەری) تایبەت بەبڕگە و ڕەهەندەکانی (X9-X12) کە ئاماژەیە بۆ ڕای نموونەی توێژینەوە دەربارەی ڕەهەندی دابەشکردن، ئاماژەکان زیاتر بەئاراستەی نەبوونی هاوهەڵوێستی و قایڵ نەبوونی نموونەی توێژینەوەیە، وریژەکان و ئاماژە گشتیەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ریژەی (46.64%) لەنموونەی توێژینەوە هاوهەڵوێستن لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، لەبەرامبەردا ریژەی (35.71%) کۆک نین لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، و ئەم دەستەواژانە بە ناوەندە ژمارەیی رێژەی (3.27) دێت ، وبەرێژەی (0.91) لادانی پێوەری، و ریژەی کۆک بوون لەسەر دەستەواژەکان بەرێژەی (55.59%) ، ئەمەش واتای نەبوونی کۆدەنگی لەسەر بوونی دابەشکردن وەک فاکتەرێک بۆ بوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. وبەرزترین ڕێژەی کۆک بوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکانی ئەم ڕەهەندە لەدەستەواژەی (X11) بوو، کە ڕێژەی کۆک بوون (57.77%) بوو، ناوەندە ژمارە و لادانی پێوەری بەرێژەکانی (2.89)، (1.24) یەک بەدوای یەک بوون، کە بریتیە لە (بەرژەوەندیەکانم لە چوارچێوەی دابەشکارییەکی هاوسەنگدا پارێزراوە).

توێژەر پێی وایە، نەبوونی کۆدەنگی لەسەر دابەشکردن بەرێژەی(35.71%) دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی پلان و بەرنامەی حکومەت بۆ شێواز یان چۆنیەتی دابەشکردنی خێر و بێر و چاکە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

خشتەی ژمارە (7): دابەشبوونی دووبارەبووەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ تەوەری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (ڕەهەندی دابەشکردن)

| برگە | | زۆر ڕازیم | ڕازیم | نازانم | ڕازی نیم | هیچ ڕازی نیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی ڕازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| X9 | ژمارە | 87 | 85 | 42 | 98 | 38 | 2.76 | 1.38 | 55.14% |
| | % | 24.86% | 24.29% | 12.00% | 28.00% | 10.86% | | | |
| X10 | ژمارە | 90 | 71 | 70 | 80 | 39 | 2.73 | 1.36 | 54.69% |
| | % | 25.71% | 20.29% | 20.00% | 22.86% | 11.14% | | | |
| X11 | ژمارە | 52 | 94 | 86 | 77 | 41 | 2.89 | 1.24 | 57.77% |
| | % | 14.86% | 26.86% | 24.57% | 22.00% | 11.71% | | | |
| X12 | ژمارە | 90 | 84 | 49 | 82 | 45 | 2.74 | 1.40 | 54.74% |
| | % | 25.71% | 24.00% | 14.00% | 23.43% | 12.86% | | | |
| X_3 | ژمارە | 319 | 334 | 247 | 337 | 163 | 2.78 | 1.15 | 55.59% |
| | % | 22.79% | 23.86% | 17.64% | 24.07% | 11.64% | | | |

4. وەسفی ڕەهەندی ماف :

بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (8) تایبەت بە (ژمارە و ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمارەیی و لادانی پێوەری) تایبەت بەبڕگە و ڕەهەندەکانی (X13–X16) کە ئاماژەیە بۆ ڕای نموونەی توێژینەوە دەربارەی ڕەهەندی ماف، ئاماژەکان زیاتر بەئاراستەی نەبوونی هاوهەڵوێستی و قایڵ نەبوونی نموونەی توێژینەوەیە، وڕێژەکان و ئاماژە گشتیەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ڕێژەی (31.14%) لە نموونەی توێژینەوە هاوهەڵوێستن لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، لەبەرامبەردا ڕێژەی (48.50%) کۆک نین لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، و ئەم دەستەواژانە بە ناوەندە ژمارەیی ڕێژەی (3.21) دێت ، وبەڕێژەی (1.04) لادانی پێوەری ، و ڕێژەی کۆک بوون لەسەر دەستەواژەکان بەرێژەی (64.21%) ، ئەمەش واتای نەبوونی کۆدەنگی لەسەر بوونی مافی هاوولاتی وەک فاکتەرێک بۆ بوونی دادپەروەریی کۆمەلایەتی. وبەرزترین ڕێژەی کۆک بوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکانی ئەم ڕەهەندە لەدەستەواژەی (X13) بوو، کە ڕێژەی کۆک بوون (68.74%) بوو، ناوەندە ژمارە و ولادانی پێوەری بەرێژەکانی (3.44)، (1.21) یەک بەدوای یەکبوون، کە بریتییە لە (مافی هاووڵاتی بوونم هەیە لە چوارچێوەی یاسا و پێوەرە باوەکانی ڕێکخراو).

توێژەر پێی وایە، نەبوونی کۆدەنگی لە ڕازی نەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەسەر مافەکان بەرێژەی(48.50%)، پەیوەستە بە شێوازی تێگەیشتنیان بۆ مافەکان، لێرەدا ئەرکی حکومەتە ماف و ئەرکەکان دیاری بکات بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.چونکە تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەرامبەر ئەو مافانەی کە پێیان دەدرێت کۆمەڵێک ئەرکیشیان هەیە کە جێبەجێ یان بکەن.

خشتەی ژمارە ( 8 ): دابەشبوونی دووبارەبووەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ تەوەری داد پەروەریی کۆمەلاّیەتی ( ڕەهەندی ماف )

| الفقرة | | زور رازیم | رازیم | نازانم | رازی نیم | هیچ رازی نیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی رازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| X13 | ژمارە | 34 | 45 | 71 | 134 | 66 | 3.44 | 1.21 | 68.74% |
| | % | 9.71% | 12.86% | 20.29% | 38.29% | 18.86% | | | |
| X14 | ژمارە | 70 | 73 | 66 | 86 | 55 | 2.95 | 1.37 | 59.03% |
| | % | 20.00% | 20.86% | 18.86% | 24.57% | 15.71% | | | |
| X15 | ژمارە | 41 | 49 | 63 | 134 | 63 | 3.37 | 1.26 | 67.37% |
| | % | 11.71% | 14.00% | 18.00% | 38.29% | 18.00% | | | |
| X16 | ژمارە | 35 | 89 | 85 | 93 | 48 | 3.09 | 1.21 | 61.71% |
| | % | 10.00% | 25.43% | 24.29% | 26.57% | 13.71% | | | |
| X_4 | ژمارە | 180 | 256 | 285 | 447 | 232 | 3.21 | 1.04 | 64.21% |
| | % | 12.86% | 18.29% | 20.36% | 31.93% | 16.57% | | | |

2. وەسفکردنی گۆڕاوی سەقامگیریی سیاسی:

1. وەسفکردنی ڕەهەندی ئاسایش:

بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (9) تایبەت بە (ژمارە و ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمارەیی و لادانی پێوەری) تایبەت بەبڕگە و ڕەهەندەکانی (Y1–Y12) کە ئاماژەیە بۆ ڕای نموونەی توێژینەوە دەربارەی ڕەهەندی ئاسایش، ئاماژەکان زیاتر بەئاراستەی نەبوونی هاوهەڵوێستی و قایڵ نەبوونی نموونەی توێژینەوەیە، وڕێژەکان و ئاماژە گشتیەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ڕێژەی (26.60%) لە نموونەی توێژینەوە هاوهەڵوێستن لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، لەبەرامبەردا ڕێژەی (55.10%) کۆک نین لەگەڵ ناوەرۆکی

دەستەواژەکان، و ئەم دەستەواژانە بە ناوەندە ژمارەیی ڕێژەی (3.38) دێت، وبەرێژەی (0.95) لادانی پێوەری، و ڕێژەی کۆک بوون لەسەر دەستەواژەکان بەرێژەی (67.56%)، ئەمەش واتای نەبوونی کۆدەنگی لەسەر بوونی ئاسایش وەک فاکتەرێک بۆ بوونی سەقامگیریی سیاسی. وبەرزترین ڕێژەی کۆک بوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکانی ئەم ڕەهەندە لەدەستەواژەی (Y7) بوو، کە ڕێژەی کۆک بوون (73.09%) بوو، ناوەندە ژمارە و لادانی پێوەری بەرێژەکانی (3.65)، (1.22) یەک بەدوای یەک بوون، کە بریتییە لە (حکومەت توانیەتی هێمنی و ئارامی بۆ من فەراهەم بکات).

توێژەر پێی وایە، ڕازی نەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە لەسەر نەبوونی ئاسایش بەرێژەی (55.10%)، دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی تاکەکان بۆ ئاسایش چونکە ئاسایش خۆی بەمانای ئاسوودەیی و نەبوونی هەر جۆرە هەرەشە و مەترسییە کە بۆسەر ژیان و ماف و ئازادییە شەرعی و یاسایی تاکەکانی کۆمەڵگا و بوونی ئاسایش یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ هەرچەندە ئاسایش ڕەهەندێکی بەرفراوانی هەیە و ئەرکی حکومەتە بۆ دابینکردنی ئاسایش بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئاسوودەیی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

خشتەی ژمارە (9): دابەشبوونی دووبارەبووەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ تەوەری سەقامگیریی سیاسی (ڕەهەندی ئاسایش)

| الفقرة | | زۆر ڕازیم | ڕازیم | نازانم | ڕازی نیم | هیچ رازی نیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی رازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y1 | ژمارە | 29 | 56 | 40 | 157 | 68 | 3.51 | 1.21 | 70.23% |
| | % | 8.29% | 16.00% | 11.43% | 44.86% | 19.43% | | | |
| Y2 | ژمارە | 32 | 60 | 43 | 140 | 75 | 3.47 | 1.25 | 69.49% |
| | % | 9.14% | 17.14% | 12.29% | 40.00% | 21.43% | | | |
| Y3 | ژمارە | 24 | 54 | 71 | 125 | 76 | 3.50 | 1.19 | 70.00% |
| | % | 6.86% | 15.43% | 20.29% | 35.71% | 21.71% | | | |
| Y4 | ژمارە | 29 | 50 | 61 | 130 | 80 | 3.52 | 1.22 | 70.40% |
| | % | 8.29% | 14.29% | 17.43% | 37.14% | 22.86% | | | |
| Y5 | ژمارە | 52 | 67 | 70 | 108 | 53 | 3.12 | 1.30 | 62.46% |
| | % | 14.86% | 19.14% | 20.00% | 30.86% | 15.14% | | | |
| Y6 | ژمارە | 30 | 76 | 53 | 116 | 75 | 3.37 | 1.27 | 67.43% |
| | % | 8.57% | 21.71% | 15.14% | 33.14% | 21.43% | | | |
| Y7 | ژمارە | 29 | 39 | 51 | 136 | 95 | 3.65 | 1.22 | 73.09% |
| | % | 8.29% | 11.14% | 14.57% | 38.86% | 27.14% | | | |
| Y8 | ژمارە | 31 | 70 | 65 | 112 | 72 | 3.35 | 1.26 | 67.09% |
| | % | 8.86% | 20.00% | 18.57% | 32.00% | 20.57% | | | |
| Y9 | ژمارە | 26 | 44 | 78 | 134 | 68 | 3.50 | 1.16 | 69.94% |
| | % | 7.43% | 12.57% | 22.29% | 38.29% | 19.43% | | | |
| Y10 | ژمارە | 37 | 67 | 63 | 117 | 66 | 3.31 | 1.27 | 66.17% |
| | % | 10.57% | 19.14% | 18.00% | 33.43% | 18.86% | | | |
| Y11 | ژمارە | 35 | 84 | 61 | 119 | 51 | 3.19 | 1.24 | 63.83% |
| | % | 10.00% | 24.00% | 17.43% | 34.00% | 14.57% | | | |
| Y12 | ژمارە | 58 | 80 | 71 | 76 | 65 | 3.03 | 1.36 | 60.57% |
| | % | 16.57% | 22.86% | 20.29% | 21.71% | 18.57% | | | |
| Y_1 | ژمارە | 412 | 747 | 727 | 1470 | 844 | 3.38 | 0.95 | 67.56% |
| | % | 9.81% | 17.79% | 17.31% | 35.00% | 20.10% | | | |

2. وەسفکردنی ڕەهەندی بەشداریکردن:

بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (10) تایبەت بە (ژمارە و ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمارەیی و لادانی پێوەری) تایبەت بەبڕگە و ڕەهەندەکانی (Y13–Y24) کە ئاماژەیە بۆ ڕای نموونەی توێژینەوە دەربارەی ڕەهەندی بەشداریکردن ، ئاماژەکان زیاتر بەئاراستەی نەبوونی هاوهەڵوێستی و قایڵ نەبوونی نموونەی توێژینەوەیە، وڕێژەکان و ئاماژە گشتیەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ڕێژەی (22.93%) لە نموونەی توێژینەوە هاوهەڵوێستن لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستەواژەکان، لەبەرامبەردا ڕێژەی (56.19%) کۆک نین لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستەواژەکان، و ئەم دەستەواژانە بە ناوەندە ژمارەیی ڕێژەی (3.46) دێت، وبەرێژەی (0.83) لادانی پێوەری ، و ڕێژەی کۆک بوون لەسەر دەستەواژەکان بەرێژەی (69.23%)، ئەمەش واتای نەبوونی کۆدەنگی لەسەر بوونی بەشداریکردن وەک فاکتەرێک بۆ بوونی سەقامگیریی سیاسی. وبەرزترین ڕێژەی کۆک بوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکانی ئەم ڕەهەندە لەدەستەواژەی (Y19) بوو، کە ڕێژەی کۆک بوون (74.74%) بوو، ناوەندە ژمارە و لادانی پێوەری بەرێژەکانی (3.74)، (1.14) یەک بەدوای یەک بوون، کە بریتییە لە (بەشداری لەبۆنە ئاینییەکاندا دەکەم).

توێژەر پێی وایە، قایل نەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ ڕەهەندی بەشداریکردن بەرێژەی (56.19%)، دەرخەری بوونی گرفتە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. چونکە لە کۆمەڵگای مۆدێرن و پێشکەوتووەکان، تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە لەوانە، ئابوورییەکی پێشکەوتوو، جۆرەها تەکنەلۆژیای نوێ، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، سەقامگیری و گەشەی سیاسی، بەرزبوونی ئاستی پەروەردە و خوێندن، تەندروستی و... بۆیە لەسەر ئەم تایبەتمەندییانە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و شێوازی تێفکرینی تاکەکان شێوە دەگرێت. کە یەکێک لە گرنگترینیان بەشداریکردنی تاکەکانە لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی. بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگای نەریتی کە نەگەیشتوونەتە ئاستی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری بۆیە ئەو تایبەتمەندییانەی کە پێویستن بۆ بەشداریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا نین.

خشتەی ژمارە (10): دابەشبوونی دووبارەبووەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ تەوەری سەقامگیریی سیاسی (ڕەهەندی بەشداریکردن)

| الفقرة | | زۆر ڕازیم | ڕازیم | نازانم | ڕازی نیم | هیچ ڕازی نیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی ڕازیبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y13 | ژمارە | 51 | 26 | 51 | 106 | 116 | 3.60 | 1.39 | 72.00% |
| | % | 14.57% | 7.43% | 14.57% | 30.29% | 33.14% | | | |
| Y14 | ژمارە | 49 | 65 | 79 | 94 | 63 | 3.16 | 1.31 | 63.26% |
| | % | 14.00% | 18.57% | 22.57% | 26.86% | 18.00% | | | |
| Y15 | ژمارە | 55 | 51 | 87 | 85 | 72 | 3.19 | 1.34 | 63.89% |
| | % | 15.71% | 14.57% | 24.86% | 24.29% | 20.57% | | | |
| Y16 | ژمارە | 36 | 49 | 104 | 104 | 57 | 3.28 | 1.19 | 65.54% |
| | % | 10.29% | 14.00% | 29.71% | 29.71% | 16.29% | | | |
| Y17 | ژمارە | 33 | 38 | 67 | 133 | 79 | 3.53 | 1.22 | 70.69% |
| | % | 9.43% | 10.86% | 19.14% | 38.00% | 22.57% | | | |
| Y18 | ژمارە | 41 | 71 | 78 | 107 | 53 | 3.17 | 1.25 | 63.43% |
| | % | 11.71% | 20.29% | 22.29% | 30.57% | 15.14% | | | |
| Y19 | ژمارە | 19 | 39 | 54 | 141 | 97 | 3.74 | 1.14 | 74.74% |
| | % | 5.43% | 11.14% | 15.43% | 40.29% | 27.71% | | | |
| Y20 | ژمارە | 25 | 39 | 52 | 148 | 86 | 3.66 | 1.17 | 73.20% |
| | % | 7.14% | 11.14% | 14.86% | 42.29% | 24.57% | | | |
| Y21 | ژمارە | 24 | 44 | 74 | 129 | 79 | 3.56 | 1.17 | 71.14% |
| | % | 6.86% | 12.57% | 21.14% | 36.86% | 22.57% | | | |
| Y22 | ژمارە | 33 | 35 | 63 | 118 | 101 | 3.63 | 1.26 | 72.51% |
| | % | 9.43% | 10.00% | 18.00% | 33.71% | 28.86% | | | |
| Y23 | ژمارە | 31 | 55 | 88 | 99 | 77 | 3.39 | 1.24 | 67.77% |
| | % | 8.86% | 15.71% | 25.14% | 28.29% | 22.00% | | | |
| Y24 | ژمارە | 25 | 29 | 80 | 132 | 84 | 3.63 | 1.14 | 72.63% |
| | % | 7.14% | 8.29% | 22.86% | 37.71% | 24.00% | | | |
| Y_2 | ژمارە | 422 | 541 | 877 | 1396 | 964 | 3.46 | 0.83 | 69.23% |
| | % | 10.05% | 12.88% | 20.88% | 33.24% | 22.95% | | | |

3. وەسفکردنی ڕەهەندی دەرفەت:

بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (11) تایبەت بە (ژمارە و ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمارەیی و لادانی پێوەری) تایبەت بەبڕگە و ڕەهەندەکانی (Y25–Y36) کە ئاماژەیە بۆ ڕای نموونەی توێژینەوە دەربارەی ڕەهەندی دەرفەت، ئاماژەکان زیاتر بەئاراستەی نەبوونی هاوهەڵوێستی و قایل نەبوونی نموونەی توێژینەوەیە، و ڕێژەکان و ئاماژە گشتیەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ڕێژەی (29.98%) لە نموونەی توێژینەوە هاوهەڵوێستن لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، لەبەرامبەردا ڕێژەی (48.45%) کۆک نین لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکان، و ئەم دەستەواژانە بە ناوەندە ژمارەیی ڕێژەی (3.26) دێت، وبەرێژەی (0.87) لادانی پێوەری، و ڕێژەی کۆک بوون لەسەر دەستەواژەکان بەرێژەی (65.24%)، ئەمەش واتای نەبوونی کۆدەنگی لەسەر بوونی دەرفەت وەک فاکتەرێک بۆ بوونی سەقامگیریی سیاسی. وبەرزترین ڕێژەی کۆک بوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکانی ئەم ڕەهەندە لەدەستەواژەی (Y32) بوو، کە ڕێژەی کۆک بوون (70.34%) بوو، ناوەندە ژمارە و لادانی پێوەری بەرێژەکانی (3.52)، (1.21) یەک بەدوای یەک بوون، کە بریتییە لە (دەرفەتی بەردەوامیدان بە خوێندنم فەراهەم کراوە).

توێژەر پێی وایە، قایل نەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بەرێژەی (48.45%)، بۆ ڕەهەندی دەرفەت، دەرخەری ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بێ بەش بووینە لەو دەرفەتانەی کە لە کۆمەڵگاکەدا هەن وەک

